کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-6-2007 16:20

## بێزار نابم ... .. هێمن کەریم خۆرشید

چاوەکەم گەر حەزی ماندووم
ڕێی لێ گرتی تۆش ڕووی بەرێ
خۆ گوناە نی یە چرکەیەک
گوێی لێ بگرە و مەیکە دەرێ
دڵەکەم دڵی پڕ لە سۆم
بۆچی هێندە ئازار ئەدەی
خۆ گوناە نی یە بپرسی
ئەم هەموو نازە هەتا کەی
گیانەکەم بە دەست خۆم نەبوو
کەوتمە دەریای ئەوینتەوە
خۆ گوناە نی یە دلۆپێک
لە ڕوانینم بخۆیتەوە
هەناسەکەم هەوری چاوم
ڕۆژێ بێ باران نەبووە
تارماییت بۆ چرکە ساتێ
لەوەتەی هەم وون نەبووە
بزانی... یان بێ ئاگا...بی
هەر خۆشتم ئەوێ ڕۆحەکەم
سەد هێندەی تر لوت بەرز بی
لە گلێنەم دەرت ناکەم
بە شوێن هەنگاوەکانتا دێم
بێزار نابم لەو ڕێگایە
ئەگەر چی خۆ زۆر دڵنیام
ئەم حەزەی من بە دی نایە
لەو دنیاش هەر دێمەوە ڕێت
ئەم ئاوازە ئەڵێمەوە
گوناهت ئەخەمە ئەستۆی خۆم
زۆۆۆر لە خواااا ئەپاڕێمەوە
ئەڵێم خوایە تووووو گەورە بیت
تاڵێ قژی نەشێوێنی
خوایە لە چەقی دۆزەخدا
لە جێ ی ئەو من بسوتێنی

hemn_kkhorshid@yahoo. com
بەریتانیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.